www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 12:20 24-2-2007

## لەخەیاڵی قەسیدەیەكی هاوڕێما ... نامق هەورامی

بۆ تۆ ئەی ئەو ڕێبوارەی كۆڵانەكانی دڵنیاییت ونكردووە



لەخەیاڵی دارژاوی ئێوارەیەكدا
شیعرێكی غەریب لەدەرگای دڵنیایی دەدات
هەناسەیەك ماڵی سنگ و
نیگایەك ڕێگای گەڕانەوە بۆ گلێنەكانی بیردەچێت
كەنارییەك لەودیو سنورەكانی بینینەوە
لەخەیاڵی قەسیدەیەكی پەرتا
دێتەوە نیشتمانی باخچەو
گۆرانیەكانی دڵنیایی دەچرێت
لەجەنجاڵی كۆڵانەكانی بونەوە دێت
باسوقی خەیاڵ و
گەزۆی زارو
ڕەنگاڵەی خەونەكانی
لەئاژینی باخچەیەكی شەرابردووی
زەمەنی دوای ئافاتەكانی جەنگ دەدات...
ئێوارەیەك..
غەریبێك لەكۆڵانەكانی نیشتمان
كرێچییەك لەماڵی خۆی
نامۆیەك لە خەیاڵەكانی خۆیدا
وجودێك لە سارای عەدەم
پێكێ شیعری سەرهەڵگرتوو پەلی دەگرێ و
دەیباتە خەڵوەتی باران....
ئەی خەیاڵی تەڕو بڕی وەرزێكی وشكی نیشتمان
لێرە گۆرانییەك نییە بۆ چرین
چاوێك نییە،
لەودیوو شتەباوەكانەوە
باخەكانی دەیری بون و
سێبەرەكانی سەراب و
هەرنەبێ
خەمی زبری قۆخێك ببینێت
كەهەناوی كون كون بووە...
ئێوارەیەك..
گۆرانییەكی شان ومل خوێناوی خۆزگە
نیشتمانی قاتوقڕی ئاوازەكان
جێدەهێڵێت
نەلەگەروی شمشاڵێكداو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەلەناو ژێی كەمانێكا سروت ئەگرێ
ئەم ئاوازە درەنگ شەوێ،
خۆی بە ئەڵقەی دەفێكەوە ئەدا لەدار. .
ئەم ئاوازە
چایكۆفسكی ناوی ناوە یاخیبون و
مۆزارت گۆرانی شێتانەی پێدەڵێت. . .
درەنگ عەسرێكی پایز بوو
بەرلەوەی خۆر كاڵبێتەوە،
بەرلە ئەتكردنی ناموسی باخچە
نالی رەشنوسی یەكەمی چامەكەی بۆ سالم نوسیبوو
چامەیەك. .
وەك دەنگی هاوڕێكەم ناسك،
وەكو وجودی من ماندوو،
هێندەی خەمی ئەنفال گەورە
ماڵاوایی لە كتێب و
لەگۆڤارو رۆژنامە كرد. .
(لە وێسگەیەكی شەمەندەفەرا چەند پیتێكی ئەو چامەیە یەخە بە پۆشكین دەگرن، ئەویش لە پەیمانگای رۆژهەڵات ناسی پیتەكانی بۆ لێك دەدەنەوە وشەیەك دەردەچێت كە دڵنیایی پێدەڵێن. پۆشكین لەبەر رۆشنایی ئەم وشەیە شاكاری قەرەج ی نوسی، لەپەراوێزی دەسنوسەكەیدا پۆشكین دەڵێت:
قەرەجەكان نەگەشتونەتە حەقیقەتی نیشتەجێبوون بۆیە دڵنیایی لە كۆچدا دەبیننەوە)
لەدیو سنورەكانی ئاگاییەوە تاچاو بڕكات
قەرەجەكانی نیشتمان
گەرمیان و كوێستانی دڵنیایی دەكەن. .
هاوڕێم. .
دڵنیایی سیزیفی شەكەت كرد،
بۆ ئەوەی كچە گوڵ گوڵیە هۆڵەندیەكە دڵنیا بێت،
ڤانكۆخ گوێچكەیەكی خۆی بڕی. . .
بۆ ئەوەی چیدی ئەنفال نەكرێت
گەرمیانێك سەری خۆی هەڵگرت،
سەرێك. . .
پڕە لە هەزاران ئای ئای
هۆرەی بەكوڵی لێدەرژێت
ئەو گەرمیانە. .
كوێستانی خەمی گەورەمە،
دڵنیایی هەناسەی ساردی غوربەت و
رەشبونەوەی سەری سپی ئومێدێكمە. .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:20 24-2-2007

(لەداستانە کۆنەکاندا باسی خۆشەویستی ئومێد و دڵنیایی کراوە، لە داستانی گەلگامیشدا هاتوە، کاتێك خواوەندەکان دڵنیاییان لەدەسدا، ئومێد وەك دەیری کەوتە کێوان، دەشڵێن پاش ئەوەی حەمورابی چەمکی ئومێدو دڵنیایی لە مەملەکەتەکەیا نامێنێت، یاسایەکی نوێ ئەنوسێتەوە، نیچەش لە زمانی زەردەشتەوە دەڵێت:

دڵنیایی لەگیرفانی لالە مەجی گەرمیانا بوو
لەنوگرە سەلمان لێی رژا !!!
لەقوڵفی فەقیانەکەی دایکما بوو
لەهەڵبجە فەقیانەکەیان بڕی
ئئئئئئئئئئئئئاااااااااااااااااااخخخخخخخخخخخخخخخخخخ
برادەر گیان
تەنیا قەفەس دڵنیایی دەداتە کەناری
تا رەشەبا پەڕەکانی نەوەرێنێ..
مردن دڵنیاییمان دەداتێ
تابەدەست ژیانەوە نەبینە پەن،
عەشق لیواولێوە لەئارامی و دڵنیایی
ئاخر عەشقیش
قەفەسی دڵ و
مردنە لە دوری ئازیز..

namqhawramy@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.